سەرك كەمار پشوازى لە باليزى ويلايەتە يەكگرتوەكانى ئەمريكا دەكات



سەرك كەمار د.لەتيف جەمال رەشيد پشوازيكرد لە ئيلينا رەمانسكى باليزى ويلايەتە يەكگرتوەكانى ئەمريكا لە عيراق.

نوسينگەى راگەياندنى سەركايەتى كەمار لە بەيانناميەكدا باويكردەوە؛-لەميانەى ديدارەكەدا، كە ئەمرۆ يەكشەممە 24-3-2024 لە كۆشكى سلام لە بەغداد بەڕوەچوو، سەرك كەمار جەختيكردەوە لە بەردەوامبدان بە بنياتنانى پيوەندييەكى بەهێز، كە خزمەت بە بەرژەوەندييە هاوبەشەكان بكات و رێز لە سەروەريى نيشتمانى بگرێت و كار بە پەرەپێدانى هاريكارى هاوبەش لە بوارە جياوازەكاندا، بكات.

هەروەها ئاماژەى بۆكرد، كە عيراق سورە لەسەر بەردەوامبدان بە پرسەى چاكسازى و نەهێشتنى گەندەڵى و بونيادنانى هاوبەشيى نايابە، كە بەشدارى بكات لە بەديهێنانى پەرەپێدانى گشتگير و گەشەى ئابورى. جەختى لە بايەخى سودوەرگرتن لە شارەزايى و ئەزمونكانيش كردەوە بە بەدەستهێنانى شارەزايى و باشتركردنى توانای كەرتەكانى ئابورى و بازرگانى و كشتوكاڵ و ژينگە و وزە.

هەروەك سەرك كەمار ئاماژەى بۆكرد، سەركايەتى كەمار ئازادكردنى ئەو بەندكراوانەى لەئەستێگرتوە، كە ماوەى سزاكانيان تەواوبووە، لەم چوارچێوەيەشدا ليژنەيەك پێكهێناوە و سەركايەتى كەمار و ئەنجومەنى باڵای دادوەرى و وەزارەتەكانى داد و ناوخۆ و راوێژكارى ئاسايشى

نەتەوەیی لەخۆدەگرێت بۆ بەدواداچوونی دەسپێکانی سزادراوان و وادەی کۆتاییهاتنی سزاکانیان، تا لە کات و ساتی دیاریکراودا ئازادبکرێن.

هاوکات جەختیکردەوە لە گرنگی دەزینەوەی چارەسەر بۆ کێشە هێڵپەسەردراوەکانی نێوان حکومەتی فیدرالی و هەرێمی کوردستان بگۆڕێی دەستور و یاسا و لێکتگەیشتنە سیاسییەکان. ئاماژەی بۆ خواستی هەردووڵاش کرد بۆ بەردەوامبون لەسەر دیالۆگ بۆ چارەسەرکردنی کێشەی بودجە و دابینکردنی شایستەی دارایییەکانی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان هاوشێوەی فەرمانبەرانی دیکە.

لەلای خۆیەوە باییزی ئەمریکا خواستی وڵاتەکەی دوپاتکردەوە بۆ پڕۆپەدانی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵات و باشترکردنی هاریکاری لەپێناو خزمەتکردنی هەردوو گەلی دەست.

هەر لە دیدارەکەدا تیشکخرایەسەر دۆخی هەرێمی و نەودەوڵەتی و جەختکرایەوە لەسەر پشتگیریکردنی دۆڕفەتی ئاشتی و ئاسایش و سەقامگیری لێناوچەکەدا.